روانگەی مافی مرۆڤ:ژمارەی گیان لەدەستدان لەغەززە ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاند

روانگەی مافی مرۆڤ لە ڕاژەهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند، بەهۆی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرایل ژمارەی گیان لەدەستدان لە کەرتی غەززە ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاند. دەشێت " زیاتر لە ٧٠٠ هەزار منداڵ ژیانیان لە مەترسیدایە".

ئەمڕۆ شەممە، روانگەی مافی مرۆڤ لە ڕاژەهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، پاش تێواوبوونی ئاگربەستە کاتییەکەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، ژمارەی گیان لەدەستدان لە کەرتی غەززە بەهۆی بەردومانەکانی ئیسرائیلەوە گەیشتە ٢٣ هەزار و ١٢ کەس لەو ڕۆژەیش ٩ هەزار و ٧٧ کەسیان منداڵن.

ئاماژەی بەوەشکرد، جگە لە ژمارەی گیان لەدەستدان زیاتر لە ٧٠٠ هەزار منداڵ لە کەرتی غەززە ژیانیان لە مەترسیدایە و زیاتر لە یەک ملیۆن و ٨٤٠ هەزار و ٥٠٠ کەسیش ئاوارەبوون و هیچ کەرەستەیەکی پزیشکی و خواردنی پێویستیان نەماوە. دەشێت " ئەگەر بەخێرایی ئاگربەست ڕانەگەیەندرێت ئەوە ناوچەکە دوچاری قەیرانێکی گەورەتر دەبێتەوە لەوەی لە ئێستادا هەیە".